وەزارەتی نەوت: هیچ ڕووداوێک لە پاڵاوگەی بەجی ڕووینەداوە

ئەمە سەشەمە وەزارەتی نەوت جەختیکردەوە،هیچ ڕووداوێک لە پاڵاوگەی نەوتی بەجی ڕووینەداوە و چالاکییەکانی بەرهەمهێنان لە پاڵاوگەکە بەردەوام و تا ئێستا پچڕان نەبووە.

وەزارەتی نەوت لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆکرد، "چالاکییەکانی بەرهەمهێنان لە پاڵاوگەی ئەلسمود لە بەیجی بەردەوامن و پچڕانیان پێنەکراوە".

وتبشی، "پاڵاوگەکە بەهۆی کۆتنەخوارەوەی کلۆپێلی بیانی لە ناوەوە یان دەوروبەری پاڵاوگەکەدا تووشی هیچ ڕووداوێک نەبووە".

لە ڕاگەیەندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە، "هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان بەردەوام سەبارەت بە پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان"، ستایشی "هەوڵ گەورەکانیان دەکات لە دەستبەرکردنی ژینگەیەکی سەلامەتی کارکردن".